

نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر لەدیمانەیەکی تایبەتدا بۆ گوڵان وێـــڕای ئـــەوەی ئامـــاژەی دا بەو پرۆژانەی لەســـاڵی رابردوو لەناو ســـەنتەری شارو پارێزگاکە ئەنجامدراوە؛ هاوکات تیشـــکی خســـتە ســـەر گرنگتریـــن ئەو پـــرۆژەو کارانەی کـــە لە ٢٠١٣ بۆ دانیشـــتوانی هەولێر جێبەجێ دەکرێت لەبوارەکانی ئاویخواردنەوەو ئـــاوەڕۆو کەرتی تەندروســـتی و ڕێگاوبان و جوانکاری و باخچەو پارك . لێرەدا پوختەی وەڵامەکانی بـــۆ خوێنەرانـــی گۆڤارەکەمان بڵاودەکەینەوە.



نەوزاد هادی
پارێزگاری هەولێر بۆ (گوڵان):

# ئەمساڵ پرۆژەی ئاوی ئیفراز ٤ و ئاوەڕۆی قورس و دروستکردنی ٦٠٠٠ تا ٧٠٠٠ خانوو بۆ کرێچیان جێبەجێ دەکرێت

٢ نەخۆشخانەی ٣٣٠ و ٢٠٠ قەرەوێڵەیی دروست دەکرێت

١ملیۆن و ٧٥٠ هەزار گەشتیار لە٢٠١٢روویان لەشاری هەولێر کردووە

لەسەر ٤ هەزار دۆنم گەورەترین پارک دروست دەکرێت

٢کارگەی ریسایکلین لە ئایندەیەکی نزیکدا دادەمەزرێت



**لەم ساڵدا بڕی ٤ ملیار دۆلار مۆڵەتی پرۆژەی وەبەرهێنانی بیانی لەهەولێر دراوە**

**لە ساڵی ٢٠١٢ توانرا کێشەی ئاوی خواردنەوەی ٧٣گوند چارەسەر بکرێت**

**بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی کەوتنەوەی لافاو هەنگاوی باش نراوە**

### ١٠٢٦ پرۆژە لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگا لە٢٠١٢ئەنجامدراوە

سەرەتا پارێزگاری هەولێر سەبارەت بەگرنگترین پرۆژەکانی کە لەساڵی رابردوو ئەنجامدراوە وتی: بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکان بەگشتی پشتمان بەسێ بودجەی پەرەپێدان و بودجەی قەزا سنوورییەکان و هەروەها بودجەی وەبەرهێنان بەستبوو کە لەیەك کاتدا نەهاتووە، کە تەنیا لەبودجەی قەزا سنوورییەکان لەساڵی رابردوو ٣٤ ملیار دینار بەر پارێزگای هەولێر کەوتووەو قەزاکانی سۆران و چۆمان و رواندز و مێرگەسۆری لە خۆگرتبوو. بەگشتی ئەو پرۆژانەی لەناو شاری هەولێرو قەزاو ناحیەو گوندەکان لەسەر هەر سێ بودجە ئەنجام دراوە بەم شێوەیە بوو:

١- کۆی گشتی پرۆژەکانی پەرەپێدانی پارێزگای هەولێر(بەڵێندەرایەتی و راستەوخۆ) ١٠٢٦پرۆژەیە بە گوژمەی ٢٩٠ملیار دینار.

٢- کۆی گشتی پرۆژەکانی قەزا سنوورییەکان ٤٧پرۆژەیە بە بڕی ٣٤ملیار دینار.

٣- کۆی گشتی پرۆژەکانی لەسەر بودجەی وەبەرهێنانی پارێزگای هەولێر ٣٥ پرۆژەیە بە بڕی٤٥ملیار دینار و بودجەی پەرەپێدانی پارێزگای هەولێر بۆ ٣٣١پرۆژە سپێردراوە بە گوژمەی نزیکەی ١٧٦ملیار دینارە و بودجەی وەزارەتەکان بۆ ٤٠٨پرۆژە سپێردراوە بە بڕی زیاتر لە ٥٥٤ملیارو ٦٢٤ملیۆن دینارە و تێکڕایی ڕێژەی ئەنجامدانی پرۆژەکانی کە چۆتە بواری جێبەجێ کردنەوە (٦٠٪)ە و هەندێك لە پرۆژەکانی ساڵی ٢٠١٢ بەردەوامی کارکردنی تێدایە و لە ساڵی ٢٠١٣تەواو دەبن بۆ نموونە وەکو بینایەی پارێزگا، لەلایەکی دیکەوە بەرزی ڕێژەی ئەنجامدانی پرۆژەکان بۆ ئەو سیستەم و تیمە دەگەڕێتەوە کە لەپارێزگا دانراوەو پرس و راوێژکاری بەقایمقام و بەڕێوەبەرانی ناحیەو بەرپرسی فەرمانگاکان لەخۆ دەگرێت. لێرەدا بۆ نموونە هەندێ کارو پرۆژەی ڕێگاوبان و ئاو و کارەبا ئاماژە پێدەدەین لەو پرۆژانەی کە بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی هەولێر ئەنجامیداون وەکو دروستکردنی ڕێگای ٤٥گوند و ٦گوندیش ڕێگا ناوخۆییەکانی بۆ کراوە، بەرێوەبەرایەتی چاککردن و پاراستنی ڕێگاوبانی هەولێر ڕێگای ١٣ گوندیان چاککردۆتەوە، هەروەها بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەر توانیویانە لەماوەی ساڵی ٢٠١٢ کێشەی ئاوی خواردنەوەی ٧٣گوند چارەسەر بکەن، لە بواری کارەباشدا کە لە سنووری پارێزگای هەولێر١٤٧٤گوند هەیە تەنیا ٥٢گوند هێڵی کارەبای نیشتمانی بۆ نەچووە و ئەمەش لە بەرنامەی ساڵی ٢٠١٣دا بۆیان دەبرێت و لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٢دا ٦٥گوند هێڵی کارەبای نیشتمانی بۆ بردراوە.

### پرۆژەکانی هەولێر لەمساڵدا

سەبارەت بە گرنگترین ئەو پرۆژانەی کە لە ساڵی ٢٠١٣ لەبەرنامەی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگایە کە بۆ شاری هەولێر و سنوورەکەی ئەنجام بدرێت پارێزگاری هەولێر وتی: لەمساڵدا لە سەرجەم سێکتەرەکان پرۆژە ئەنجام دەدرێت، لەوانە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ناوەندی و ئۆڤەرپاسێك لەچوار ڕیانی عەنکاوە، ئەمە جگە لەپرۆژەکانی ئاویخواردنەوەو ئاوەڕۆ و پارك و جوانکاری و سەوزایی. ئەمەش وایکردووە هەولێر پێشکەوتنێکی باش بەخۆوە ببینێت و ژمارەی کۆمپانیاکان زیاد بکات و باری بژێوی هاووڵاتیانیش بەرز بێتەوە، تەنیا لەم ساڵدا بڕی ٤ ملیار دۆلار مۆڵەتی پرۆژەی وەبەرهێنانی بیانی لەهەولێر دراوە کە بەشی زۆری ئەم پرۆژانەش لە کەرتی پیشەسازییە و زەویش لە ناوچەی تیمار ئامادە کراوە. هاوکات بەمەبەستی چارەسەرکردنی هەر کێشەو گرفتێك بە فەرمانی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی



**لەهەموو کۆبوونەوەیەکدا سەرۆکی حکومەت تەئکید لەسەر جێبەجێکردنی پرۆژەکان بەشێوەیەکی باش و کوالیتی بەرز دەکاتەوە**

**ئەمساڵ لەناو قەیسەری هەولێر لەمزگەوتی گەورەوە تا زێڕینگەران و پشت مزگەوتی حاجی نووری نۆژەن دەکرێتەوە**

**تەواو نەکردنی بازاڕی نیشتمان یەکێکە لەکێشەکان**

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پارێزگاری هەر سێ پارێزگاکانی هەرێم بووینە سەرۆکی لیژنەی پێدانی زەوی بۆ پرۆژەکانی پیشەسازی کە لە وەبەرهێنان مۆڵەتیان هەیە یەکێك لەو پرۆژە پیشەسازییە گەورەو گرنگانە کە بەم هاوکاری و بەدواداچوونانەوە لە مانگی ٤ و ٢٠١٣/٥ دەست بەکار دەکات ئەویش کارگەی دروستکردنی ئاسنە کە کۆمپانیای پۆلەتێکست دایمەزراندوو و ئەم پرۆژەیە نزیکەی ٧٠٠کرێکارو کارمەند تێیدا کار دەکەن، واتە کارگەو پرۆژە پیشەسازییەکان جگە لە بەرهەمەکانیان دەرفەتی هەلی کارن. ئەگەر لە ساڵی ٢٠٠٤وە تەماشا بکەین کێرڤی جوڵەی ئابووری هەولێر رانەوەستاوە لەگەڵ ئەوەی قەیرانی دارایی و کێشە هەبووە هەتا ئەو کاتەش کە کێشەی سیاسیش لە عیراق هەبووە تا رادەیەکی باش بازاڕی شاری هەولێر بەردەوامبووە و رانەوەستاوە و کاری وەبەرهێنان هەر هەبووە، رێژەی گەشتیاریش هەر لە زیادبوون دابووە، هەر بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠١١ ژمارەی گەشتیاران بۆ شاری هەولێر یەك ملیۆن و ٧٠٠هەزار کەس بوو، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٢ زیادی کردووە و بۆتە یەك ملیۆن و ٧٥٠هەزار کەس جگە لە سەری ساڵی تازەش نزیکەی ٥٦هەزار گەشتیاری دیکەش بۆ شاری هەولێر هاتبوون.

### پانتایی سەوزایی و گرنگیدان بە ژینگە

لەگەڵ فراوانبوونی شارو زیادبوونی ژمارەی پرۆژەکان لایەنی ژینگەیی لەبیر نەکراوە ئەوەتا پارێزگاری هەولێر باس لەچەندین پرۆژەو باخچەو پانتایی سەوزایی و گواستنەوەی ناوچەی پیشەسازییەکان دەکات و لەم رووەوە دەڵێت: رووبەری پانتایی سەوز لە ناو شاری هەولێر لە زیادبوون دایە و بەبەردەوام پارك و باخچە لە ناو گەڕەك و سەنتەری شار دروست دەکەین و گەورەترین پارکیش کە دەکەوێتە کۆتایی کەسنەزان لەسەر رووبەری نزیکەی ٤هەزار دۆنم زەویی دروست دەکرێت، هەروەها پشتێنەی سەوزی شاری هەولێر ماشتەرپلانەکەی ئامادەکراوەو لەلایەن بەرێز وەزیری شارەوانی گەشت و گوزار راگەیاندرا کە بە پانی ٢کیلۆمەتر و درێژی ٨٠کیلۆمەترە کە رووبەرەکەی بە گشتی دەکاتە ١٦٠ کیلۆمەتر چوارگۆشە و کارکردن لەسەر پێکهاتەو پرۆژەکانی ناو پشتینەکە دەدرێت بە کەرتی تایبەت و زیاتر خاوەن زەوی موڵکەکان هەقی کارکردنیان لەسەر هەیە پێش خەڵکانی دیکە. هەر بۆ پاراستنی ژینگەو سروشتی کوردستان پارکێکی سروشتی لەسەر چیای سەکران – هەڵگورد دروست دەکرێت و بەرنامەو پلانیش بۆ ناوچەکانی دیکەی وەکو بارزان و چیای سەفین و چەندین شوێنی دیکە هەیە کە پارکی بەرفرەوانی سروشتی بۆ پاراستنی سروشت و گیانەوەری کێوی دروست بکرێت، هەروەها هەر کارگەیەکی پیشەسازی لە هەولێر دابمەزرێت دەبێت فلتەری هەبێت و ئامێرەکانی دۆستی ژینگە بن و ئەو کارگەو کەسارانەی لە ناوچەی قەتەوی هەیە بەبەرنامە هەڵدەگیرێن و بۆ دەرەوەی شار بۆ شوێنی گونجاو دیاریکراو دەگوازرێنەوە و بەرنامەیەکی دیکەی حکومەتی هەرێم ئەوەیە لە هەر سێ پارێزگای هەرێم شاری پیشەسازی دروست دەکرێت و بۆ ئەو مەبەستەش لەسەر بڕیاری رێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان شاندێك لەسەر ئاستی هەر سێ پارێزگاو وەزیری پیشەسازی و بازرگانی سەردانی تورکیا دەکەین بۆ دیتنی شاری پیشەسازی کە لە بۆڕسە هەیە بۆ ئەوەی هاوشێوەی ئەو شاری پیشەسازییە لە هەر سێ پارێزگا هەولێر و دهۆك و سلێمانی دروست بکرێت کە شاری پیشەسازی هەولێر لە ڕێگای نێوان هەولێر – خەباتە.

### کۆکردنەوەو چارەسەرکردنی زبڵ و خاشاك

سەبارەت بەپاککردنەوەی شاری هەولێرو دوا هەنگاوەکانی

**له سنووری پارێزگای هەولێر لەکۆی ١٤٧٤گوند تەنیا ٥٢گوند هێڵی کارەبای نیشتمانی بۆ نەچووە**

**باخچەی گلکەند بەیەکێک لەباخچە کۆنەکانی شاری هەولێر دادەنرێت و هەر بەشوێنێکی کەرتی گشتی بۆ خەڵکی شار دەیهێڵینەوە**

**پاراستنی هێمنی و سەروماڵی هاووڵاتیان و سەرووەری یاسا بۆ هەماهەنگی خەڵکی هەولێرو دانیشتوانەکەی دەگەڕێتەوە**

دامەزرانی کارگەی ریسایکلین؛ پارێزگاری هەولێر ئەوەی روونکردەوە کە پێشتر وەزارەتی شارەوانی گرێبەستی لەگەڵ دوو کۆمپانیای جەنائن و بەریتانی کردبوو، بەڵام ئەم کۆمپانیانە نەیانتوانیوە لەئاست ویست و خواستەکان بن و سەرکەوتوو نەبوون، لەمبارەیەوە پارێزگاری هەولێر وتی: ئێستا کۆکردنەوەو پاککردنەوەی زبڵ و خاشاك لە هەولێر درا بەپارێزگاو دابەشی شارەوانییەکانی ناو شاری هەولێرمان کردوو مەرج و رێنمایی تایبەتمان بۆ دەرکردن، پرۆژەی کۆکردنەوەو پاککردنەوەکەش زۆر بەسەرکەوتوویی بەرێوەدەچێت. بۆ چارەسەرکردنی زبڵ و خاشاکیش دوای هەڵوەشانەوەی گرێبەستی تایبەت بەدانانی کارگەی ریسایکلین لەگەڵ کۆمپانیایەکە دا کە نەیتوانی بەکارەکە هەڵسێت. هەربۆیە ئەمساڵ دانانی هەر دوو کارگەی ریسایکلین دەچێتە قۆناغی جێبەجێکردنەوەو شوێنی کارگەی ریسایکلینەکانیش دیاری کراوە،

## چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون

پارێزگاری هەولێر سەبارەت بەکێشەی نیشتەجێبوون و بەرنامەی داهاتوویان پێی راگەیاندین: لەهەولێر پرۆژەیەکی وەبەرهێنان بۆ نیشتەجێبوونی کرێچیان لەشاری هەولێر هەیە و ٦٠٠٠ تا ٧٠٠٠خانوو لەخۆدەگرێت، کە بەنرخێکی هەرزان و گونجاو بەقیستی مانگانە بەپێی فۆرمی هاوشێوەی دابەشکردنی شوقەکانی هانا سیتی دابەش دەکرێت، پرۆژەکەش هەندێك کارو وردەکاری ئیداری ماوەو راستەوخۆ دوای تەواوبوونی کارەکان پرۆژەکە رادەگەیەنین. لەلایەکی ترەوە چەندین پرۆژەی ترمان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون ئەنجام دراوە، وەکو کێشەی نیشتەجێبوونی خەڵکی گەڕەکەکانی (خانەقاو تەعجیل و بیرکۆت و..) کە بەدابینکردنی زەوییەك هاوکاریمان کردوون، هەروەها دابەشکردنی سەدان پارچە زەوی و بەردەوامبوونی پێدانی پێشینەی خانووبەرە لەم چوارچێوەیەدا دێت و چەندین گەڕەکی نوێ دروستکراو کێشەکە کەمکرایەوە، ئەمە جگە لەوەی لەرێگای وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە چەندین یەکەی نیشتەجێبوون لەشێوەی باڵەخانە دروست دەکرێت و پرۆسەکەش ساڵانە بەردەوام دەبێت و بودجەی بۆ دادەنرێت.

## شەقامی ١٢٠ مەتری هەولێر

سەبارەت بە پرۆژەی دروستکردنی شەقامی ١٢٠ مەتری پارێزگاری هەولێر وتی : شەقامی ١٢٠ مەتری بەپرۆژەیەکی گەورەو گرنگ دادەنرێت و قۆناغی باشی بڕیوەو کاریگەری لەسەر هاتوچۆکردن و کەمکردنەوەی قەڵەباڵغی دەبێت، لەم رێڕەوەوە گرێبەستی دروستکردنی شەقامەکە لەدیوی نێوان سەلاحەدین و موسڵ لەلایەن وەزارەتی شارەوانییەوە ئیمزا کرا.

## چارەسەرکردنی کەوتنەوەی لافاو

ئەمساڵ بەهۆی هاتنی بارانبارینی زۆرە لەدەرەوەی سنووری شاری هەولێر لە دارەتوو بنەسڵاوەو گەڕەکی ژیان کەوتنەوەی لافاو روویدا ؛ لەمبارەیەوە پارێزگاری هەولێر وتی: بۆ کەمکردنەوەو کاریگەرییەکانی لافاو توانیمان لە بەستەکانی بیرکۆت و بەستە بیازەو گلگەند ئاوەڕۆی گەورەو پێویست جێبەجێ بکەین و لەناو شاری هەولێر کێشەمان نەماوە، ئەو لافاوەی لەم دواییەدا لەدەرەوەی هەولێر روویداو لەبەستی دارەتوو بوو کە قەبارەی ئاوەکە زۆر زیادیکردوو چووە سەر پردەکەی دارەتوو دواتر رژایە ناو گەڕەکی ژیان و چووەوە ناو بەستی قەتەوی، هاوکات لەکەسنەزانەوە لەبەستی بنەسڵاوەوە لافاوەکە رووی لە هیران سیتی کرد. بۆ چارەسەرکردنی ئەم دوو بەستە لەلای هیران سیتی هەڵساین بەهەڵکەندنی کەندێکی فراوان و گەورە بەمەش هیران سیتی و بیرکۆتی تازە کێشەیان نامێنێت، ئەوەی لای دارەتووش بەستەکەمان پاککردەوەو کار بۆ هەڵکەندنی کەندێك دەکەین بۆ دوور خستنەوەی لافاو.

## پرۆژەی ئاوی ئیفراز ٤ و ئاوەڕۆی قورس

شاری هەولێر لەگەڵ فراوانبوونی بەبەردەوام پێویستی بەپرۆژەکانی دابینکردنی ئاویخواردنەوەو ئاوەڕۆیە هەیە؛ لەمبارەیەوە پارێزگاری هەولێر وتی: وەزارەتی شارەوانی بەهەماهەنگی و هاوکاری پارێزگای هەولێر سەرقاڵی ئامادەکارییە بۆ ئەنجامدانی هەردوو پرۆژەی ئاوی ئیفراز ٤ و ئاوەڕۆی قورس، بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ کۆمپانیایەکی بەریتانی هەوڵی ئەوە دەدات پرۆژەی ئاوەڕۆی قورسی شاری هەولێر لە رێگای قەرزی درێژخایەنەوە جێبەجێ بکەین. بەجێبەجێکردنی پرۆژەی ئاوی ئیفراز ٤ رۆڵی بەرچاوی دەبێت لەدابینکردنی ئاویخواردنەوە بۆ ناوچەکانی پشت کەسنەزان و دارەتوو بنەسڵاوەو سێبەردان تا دەکاتەوە رێگای مەخموور، ئەمە جگە لەوەی لەدیوی مەلائۆمەرو شاوەیس و پەرزینیشەوە سوود لەم پرۆژەیە وەردەگرن. هاوکات لەگەڵ بەرفراونبوونی پرۆژەی ئیفراز ٣ بەهیچ شێوەیەك پێویستیمان بەبیرەکانی دابینکردنی ئاوی خواردنەوە نامێنێت.

## گرنگیدان بەکەرتی تەندروستی

سەبارەت بەکەرتی تەندروستیش پارێزگاری هەولێر وتی: لەسەر بودجەی وەزارەتی تەندروستی نەخۆشخانەیەکی ٣٣٠ قەرەوێڵەیی لە هاوشێوەی نەخۆشخانەی رزگاری لەپشت نەخۆشخانەی فریاکەوتنی رۆژئاواوە دروست دەکرێت، هاوکات نەخۆشخانەیەکی لەدایکبوونی ٢٠٠ قەرەوێڵەیی لەگەڕەکی باداوە چۆتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە. لەلایەکی ترەوە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ناوەندی لەشوێنی خۆی دووبارە دروست دەکەینەوە.

## بازاڕی قەیسەری هەولێرو نیشتمان

لەتەوەرێکی قسەکانیدا پارێزگاری هەولێر باسی نۆژەنکردنەوەی بازاڕی قەیسەری هەولێرو دوکانەکانی ناو سەنتەری شارو تەواوکردنی بازاڕی نیشتمان کردوو وتی: ماوەیەکە پرۆژەی نۆژەنکردنەوەی بازاڕی قەیسەری هەولێر دەستی پێکردووەو ئێستا لەقۆناغی نۆژەنکردنەوەی بەدیوی


پەنیرفرۆشــان تا دەگاتە بەرامبەر بازاڕگەی سیروان لەژێر کارکردندایە. ئەمساڵ لەناو قەیسەری هەولێر لەمزگەوتی گەورەوە تــا زێڕینگەران پشــت مزگەوتی حاجی نووری نۆژەن دەکرێتەوە. هەروەها بۆ پاراستنی شوێنەواری قەڵای هەولێرو قەیسەری شوورەی دەوری قەیسەری دروستکراوەو لەقۆناغــی تەواوبووندایــە. ســەبارەت بەتەواوەنەکردنــی پرۆژەی بازاڕی نیشــتمان پارێزگاری هەولێر وتی: یەکێك لەکێشــەکانمان لەناو سەنتەری شار تەواو نەکردنی بازاڕی نیشــتمانە، بۆ ئەم مەبەستە بەبەردەوام لەگەڵ کۆمپانیای جێبەجێکار لەپەیوەندی و هەوڵداین تاوەکو بەشــەکانی تری پرۆژەکە تەواو بکەن، بۆ باشترکردنی ئەو بەشەی تەواو بووە بەهاوکاری لەگــەڵ کۆمپانیای جێبەجێکار ڕێگایەکی تر دروســت دەکەین لەپردی سەیداوە لەپشت مزگەوتی ڕەشاد نەجاڕ بۆ ناو بازاڕەکە بێت.


## نۆژەنکردنەوەی باخچەی گلکەند

پــاش ئەوەی دەنگۆی ئەوە هەبــوو کە پاخچەی گلگەند دەدرێتە کەرتی تایبەت کە ئێســتا لەژێر نۆژەنکردنەوەدایە پارێــزگاری هەولێر ڕایگەیاند: باخچەی گلکەند بەیەکێك لەباخچە کۆنەکانی شاری هەولێر دادەنرێت و هەر بەشوێنێکی کەرتی گشــتی وەکو پارکی منارەو شــانەدەر بۆ خەڵکی شــار دەیهێڵینەوە بەمنزیکانــە کاری نۆژەنکردنەوەکەی تەواو دەبێت، قبووڵیشــمان نەبــووە بدرێتە هیچ کۆمپانیاو کەسێك و گرێبەستەکەشی کە درابوو هەڵمان وەشاندەوە، ئەو باخچەیەی ئاژەڵانیش کە ئێســتا لەگلگەند هەیە لەپارکی نوێی بنەسڵاوە جێگای پێویستمان بۆ دابین کردووە.


## پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتیان

لەکۆتایــی دا پارێزگاری هەولێر وەکو ســەرۆکی لیژنەی ئەمنی شارەکە بەگۆڤارەکەمانی ڕاگەیاند: پاراستنی هێمنی و سەروماڵی هاووڵاتیان و سەروەری یاسا بۆ هەماهەنگی خەڵکی هەولێــرو دانیشــتوانەکەی دەگەڕێتەوە، ئەمەش بۆ هۆشیاری و هێمنی دانیشــتوانی شارەکە دەگەڕێتەوە کــە هــاوکارو یارمەتیدەرمانن بۆ پاراســتنی ئارامی و ئاســایش. کەمبوونەوەی ڕووداوو ئارامــی هاووڵاتیان و سەقامگیری بازاڕو کاســبی و بوونی هەولێر بەپایتەختی گەشــتیاری هەموو ئەمانە نموونەیەکی زیندووە بۆ باشی ڕەوشــی ئەمنی و ئارامی هاووڵاتیان لەم شارەدا. تەنانەت سەرکەوتنی جێبەجێکردنی پرۆژەکانیش بۆ سینگ فراوانی و خۆشەویستی و هاوکاری خەڵکی هەولێر دەگەڕێتەوە کە ڕێگر نەبوون لەئەنجامدانی دەیان پرۆژە. تێڕوانینی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی بۆ ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی بۆ هەموو کوردستان و بەتایبەتی بۆ هەولێر وەکو پایتەختی هەرێمەکە زۆر گەورەو بەرزو بەنرخ بووە و ئێمەش جێبەجێکاری بەرنامەو داخوازییەکانــی جەنابی بووین، کــە لەهەموو کۆبوونەوەو بۆنەیەکدا سەرۆکی حکومەت تەئکید لەسەر جێبەجێکردنی پرۆژەکان دەکاتەوە بەشــێوەیەك کە دەبێت لەئاست ستانداردو کوالیتی بەرزی وڵاتانی پێشکەوتوو بێت.



پرۆژەکانی پەرەپێدانی پارێزگای هەولێر بۆ ساڵی ٢٠١٢/ بە پێی سێکتەرەکان



پرۆژەکانی پەرەپێدانی پارێزگای هەولێر بۆ ساڵی ٢٠١٢/ بە پێی قەزاکان



پرۆژەکانی بودجەی قەزا سنووریەکان بۆ ساڵی ٢٠١٢/ بە پێی سێکتەرەکان



پرۆژەکانی بودجەی قەزا سنووریەکان بۆ ساڵی ٢٠١٢/ بە پێی قەزاکان

# هەڵکشانی کاری تیرۆریستی و تەقینەوەکان لەشاری کەرکوک

## پارساڵ تیرۆریستان


## ١٠٣ هاووڵاتی و ٧١ پۆلیسیان لەکەرکوک شەهید کردووە

ســاڵی رابردوو بەســاڵێکی خوێناوی و پڕ رووداوو کاری تیرۆریستی لەشاری کەرکوك دادەنرێت، بەپێی ئەو ئامارو سەرچاوەیەی بەدەستمان گەیشتووە تەنیا لەماوەی ساڵێکدا( ١٠٣ هاووڵاتی شەهید بووە و ٥٦٣ ی دیکەش بریندار بووە)، ئەمە جگە لەتەقینەوەی (٥٩ ئۆتۆمبێل و ٣٢١ بۆمبی چێنراوو ٢١٦ گوللە هاوەن )، هەروەها رفاندنی ٤٠ هاووڵاتی و دۆزینەوەی ٣٥تەرمی نەناســراو، لەلایەکی دیکەوە ٧١ پۆلیس شــەهیدبووەو ٣٠٤ی دیکە برینداربووە، هەروەها نزیکەی ١٤ ئاسایش شەهید بوون و ٤٩ی دیکەش برینداربوون، ئەمە جگە لەکوشتن و برینداربوونی چەندین کەسی دیکە لەناو ریزەکانی سوپاو سەحوەدا، بەمشێوەیە ئامارەکان ئەوە دەردەخەن کە ساڵی رابردوو کاری تیرۆریستی زیادی کردووەو هاووڵاتیان و پۆلیس و ئاســایش بەپلەی یەکەم کراونەتە ئامانجی پتر لە ٨ گروپی تیرۆریســتی، سەرەرای ئەمەش ١٤ تیرۆریست کوژراون و ٤٥٩ گومانلێکراو دەستگیرکراون و ٥٠٤ گوللەهاوەن و کاتیۆشا دەستی بەســەردا گیراوەو ١٨٥ بۆمبی چێنراویش پووچەڵکراونەتەوە. بۆ قســەکردن لەسەر هەڵکشانی کاری تاقم و گرووپە تیرۆریســتەکان و کوشتنی هاووڵاتیانی سڤیل و پۆلیس و تێکچوونی بارودۆخی ئەم دواییەی شاری کەرکوك چەند پرســیارێکمان ئاراستەی عەمید ســەرحەد بەڕێوەبەری پۆلیســی قەزاو ناحیەکانی کەرکوك کردوو لەدووتوێی ئەم راپۆرتەدا بڵاوی دەکەینەوە.









**سەرۆکی هەرێم لەدوا سەردانیدا بۆ پارێزگای کەرکوک پەیامی ئاشتی و برایەتی و پێکەوەژیانی بۆ دانیشتووانی پارێزگاکە دووپات کردەوە**

**لەسنووری قەزای حەویجە بەسەدان ماڵی کورد هەڕەشەیان لێکراو کۆچیان کرد**

**ئامارەکان ئەوە دەردەخەن کە ساڵی رابردوو کاری تیرۆریستی زیادیکردووەو هاووڵاتیان و پۆلیس و ئاسایش بەپلەی یەکەم کراونەتە ئامانجی پتر لە ٨ گرووپی تیرۆریستی**



عەمید سەرحەد قادر بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی کەرکوك بۆ ( گوڵان ):

# ئامانجی یەکەمی گرووپە تیرۆریستیەکان نانەوەی ئاشوب و ئاژاوەیە لەناو پێکهاتەکانی کەرکوکدا

سەبارەت بەبارودۆخی ئاسایش و ئارامی لەکەرکوك و دەوروبەری عەمید سەرحەد قادر گوتی: بەو پێیەی کەرکوك هەموو نەتەوەو ئایینێکی تێدایەو بەشارێکی کوردستانی و پێکەوەژیان دادەنرێت و بارەگای سەرجەم پارتە سیاسییەکانی کوردستانی و عێراقی لەخۆدەگرێت، هەربۆیە بەبەردەوام ئەم شارە کراوەتە ئامانجی گرووپە تیرۆریستیەکان، بەرادەیەك دەتوانم بڵێم لەکەرکوك لەشەڕێکی رووبەڕووبوونەوەداین بەرامبەر بەم تاقم و گرووپە تیرۆریستییانە، ئەم تاقم و گرووپانە زۆرجار سوودیان لە بوونی ئەو هەموو نەتەوەو ئایین و تائیفەیەش وەرگرتووە، لەو ڕێگەیەوە توانیویانە بەئاسانی بە ناسنامەی ساختەوە داخڵی ناو پارێزگاکەو شارەکە بن و، کاری تیرۆریستی و تەقینەوە ئەنجام بدەن، هەربۆیە ناتوانین بڵێین لەسەدا سەد بارودۆخی کەرکوك کۆنترۆڵ کراوە، تا ئێستا کاری تیرۆریستی ئەنجام دەدرێت و گرووپە تیرۆریستیەکان بەبەردەوام لەهەوڵی بەهێزکردن و فراوانکردنی کارە تیرۆریستیەکانیاندان. وەکو لایەنی پۆلیس و دەزگا ئەمنییەکان توانیومانە گورزی توند ئاراستەی ئەو گرووپە تیرۆریستی و تاوانبارانە بکەین و دەیان تیرۆریست رووبەڕووی دادگا کراونەتەوە. تا ئەمڕۆش گرووپ و تاقمەکانی (قاعیدەو دەوڵەتی ئیسلامی و ئەنسار سوننەو ئەنسارولئیسلام و جەیشی موجاهیدین و کەتائیب ثورة عشرین و بەعسییەکان و جەیشی رەشید) بەقەوارەو توانای جیاواز لەناو شاری کەرکوك و دەرەوەی بوونیان هەیەو کاری تەقینەوەو کوشتن و رفاندن ئەنجام دەدەن.

لەوەڵامی پرسیارێکی گوڵاندا سەبارەت بە ئۆپەراسیۆنی دیجلەو هاتنی هێزەکانی سوپای عیراق لەبەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی کەرکوك کرا ؛ ناوبراو پێی وابوو، پێشتر هێزەکانی پۆلیس لەگەڵ فیرقەی ١٢ی سوپای عێراق هەماهەنگیمان هەبووە، بەڵام هاتنی ئۆپەراسیۆنی دیجلە بووە هۆی کەوتنەوەی سستی و لاوازییەك لەگەڵ سوپا، ئەوان پێیان راگەیاندووین کە هەموو کاروچالاکییەکان پێویستە لە ڕێگای ئەوانەوە بێت، ئەمەش کارێکی مەحاڵە چونکە بڵاوکردنەوەیان و پێدانی زانیاری دەبێتە هۆی دزە پێکردنی زانیارییەکان و بڵاوبوونەوەیان و شکستهێنان

**گرووپ و تاقمەکانی (قاعیدەو دەوڵەتی ئیسلامی و ئەنسار سوننەو ئەنسارولئیسلام و جەیشی موجاهیدین و کەتائیب ثورة عشرین و بەعسییەکان و جەیشی رەشید) بەقەوارەو توانای جیاواز لەناو شاری کەرکوک و دەرەوەی بوونیان هەیە**

بەپرۆسەو کاروچالاکیەکانمان، کە لەماوەی ساڵی رابردوودا لەپێناو پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتیان و پووچەڵکردنەوەی بۆمب و ئۆتۆمبێلی مینرێژکراو چەندین شەهید و بریندارمان لەناو ریزەکانی پۆلیس داوەو بەدەیان بەســـەردادانمان ئەنجام داوەو چەندین گومانلێکراویشمان دەستگیرکردووە. ئێستا کارە تیرۆریستیەکان زیادیانکردووەو هەوڵەکانیش بۆ هەڵگیرسانی فیتنــەو دووبەرەکی و کوشـــتن و تۆقاندنـــی هاووڵاتیان بەردەوامە، تەنانەت تیرۆریســـتمان گرتـــووە کە لەدەرەوەی وڵات خولی مەشق و راهێنانی بۆ کراوەتەوە، ئەم حاڵەتەش لەوەوە ســـەرچاوەی گرتووە کە لەدوای پرۆســـەی ئازادیی عێراق کەســـانێکی زۆر چوونەتـــە دەرەوەی وڵات و لەوێ فریـــودراون و هەڵخەڵەتێنـــراون، لەلایەکی دیکەوە ئەو توانا داراییەی لەبەردەســـت ئەم گرووپانەدایە تەنیا بۆ پاڵپشتی و لایەنـــی دەرەکـــی دەگەڕێتەوە. ئەوەی جێی تێبینیشـــە زیاتـــر گەڕەکە کوردییەکان کراونەتـــە ئامانجی ئەم تاقم و گرووپە تیرۆریســـتانە و زۆرجاریش تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێلە مینرێژکراوەکان لەگەڕەکە تورکمان و عەرەبەکان بۆ نانەوەی ئـــاژاوە و تۆمەتبارکردنی کورد بـــووە. هەربۆیە ئامانجی یەکەمی گرووپە تیرۆریستیەکان لەکەرکوک نانەوەی فیتنەو ئاژاوەیە لەناو پێکهاتەکانی شارەکەدا.

ســـەبارەت بەکۆچکردنـــی کـــوردەکان لەحەویجـــەو ریازو دەوروبەری شـــاری کەرکوك بەڕێوەبەری پۆلیســـی قەزاو ناحیەکانی کەرکوك ئاماژەی بەوەکرد کە ژمارەیەکی زۆری کورد لەحەویجەو ریـــازو ناوچەکانی دەوروبەری دووچاری هەڕەشەو ئاوارەیی بوونەوەو بگرە هەندێك لەو خێزانە کوردانە خەڵکیان لێ رفێنرا و بۆمبی چێنراو لەبەردەم ماڵەکانیاندا دانراوەو تەقێنرایەوە و خەڵکیان لێ شـــەهیدو بریندار کرا و دەرئەنجام هەمووی کۆچیان کرد، ئێستا لەسنووری قەزای حەویجە چەند ماڵێکی کورد ماونەتەوەو بەسەدان ماڵی کورد هەڕەشـــەیان لێکراو لەسەر زێدی باوك و باپیرانیان کۆچیان کرد، ئەمە لەکاتێکدا پیاوە ریش سپییەکانی هەردوو هۆزی جبورو عوبێد ئـــەم تاوانەیان پێناخۆش بوو بەڵام نەیانتوانی کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکـــەن و لەکۆتاییدا کوردەکان هەر کۆچیان کرد. خەڵکی کەرکوك بەگشتی حەزیان لە پێکەوە ژیانەو پەیوەندیی کۆمەڵایەتی پتەو پێکەوەیان دەبەستێتەوەو ئومێدیان وایە وەکو پارێزگاکانی کوردستان بەئارامی بژین و پـــرۆژەو کاری خزمەتگوزارییان بـــۆ بکرێت، تەقینەوەی ئۆتۆمبێلێکی مین رێژکراو لەحەویجە بێت یا لە قەرەهەنجیر بۆ خەڵکی کەرکوك جێگای ئازارو ناخۆشییە.

ئێمە بەهەماهەنگی لەگـــەڵ دەزگا ئەمنییەکان بەبەردەوام رووبەڕووی ئەو گرووپانە دەبینەوەو ئەوەی لەتوانای پۆلیسدا بێت بۆ پاراســـتنی ســـەروماڵی هاووڵاتیـــان کردوومانەو شـــەهیدی زۆرمـــان داوە، بـــەو پێیەی جەنابـــی پارێزگا لێپرســـراوی لیژنـــەی ئەمنی پارێزگاکەیـــە و لەنزیکەوەو بەبەردەوامی سەرپەرشتی کۆبوونەوەکانی لیژنەکە دەکات و بەڵێنـــی کردنەوەی خولی زیاتـــری داوە بەتایبەت لەبواری تەقینەوەو پوچەڵکردنـــەوەی بۆمبی چێنراو و دابینکردنی پێداویســـتی و ئامێری پێشـــکەوتوو. ئەمـــەو لەوەڵامی پرســـیارێکدا سەبارەت بەخانەنشـــینکردنی بەتایبەت دوای برینداربوونی ئەم دواییەی عەمید سەرحەد روونی کردەوە کە لە پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتیانی شاری کەرکوك بەپێی ئەو پەڕی توانام خزمەتێکی زۆرم پێشـــکەش کرد ؛ ئێستا کاتی ئەوە هاتووە خانەنشین بم.

لەکۆتاییدا بەڕێوەبەری پۆلیســـی قەزاو ناحیەکان سەبارەت بەهاتنی ئەمجارەی سەرۆکی هەرێم بۆ پارێزگای کەرکوك گوتی: هاتنی ســـەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ پارێزگای کەرکوك و بەسەرکردنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە کە پێشتریش لیوای پێشـــمەرگە لەســـنووری لەیلان و ئاڵتون کۆپری و قەرەهەنجیرو شوان هەبوو؛ لەلایەن خەڵکی کەرکوکەوە جێی ئومێدو دڵخۆشـــی بوو، چونکە بەڕێز سەرۆکی هەرێم لەدوا سەردانیدا بۆ پارێزگای کەرکوك پەیامی ئاشتی و برایەتی و پێکەوەژیانی بۆ دانیشتوانی پارێزگاکە دووپات کردەوە.

**خەڵکی کەرکوک حەزیان لە پێکەوە ژیانەو ئومێدیان وایە وەکو پارێزگاکانی کوردستان بەئارامی بژین و پرۆژەو کاری خزمەتگوزارییان بۆ ئەنجام بدرێت**





# ڕوونکردنەوەیەک لە قائیمقامیەتی کۆیەوە

**لەژمارە (٩٠٩)ی گۆڤاری گولان، ڕاپۆرتێکمان سەبارەت بەکارو پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی کۆیە بڵاوکردۆتەوە، کە تێیدا ناوی شاری کۆیەی خۆشەویست بە شارۆچکە هاتووە، ئێمە وەك ستافی گولان وێڕای ئەوەی داوای لێبووردن لە خەڵکی شارەکەی حاجی قادر دەکەین. کۆیە شارە نازدارەکەی کوردستانە. ئەم ڕوونکردنەوەیەی قائیقامیەتی کۆیە بۆیان ناردوین بڵاوی دەکەینەوە.**

**گولان**

## بۆ گۆڤاری گولان

گۆڤاری گولان کە لە ژمارە/ ٩٠٩ بەرواری ٢٠١٢/١٢/٢٤ چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ قائمقامی قەزای کۆیەتان بڵاوکردۆتەوە، بەڵام ئاگادارتان دەکەینەوە کە لە پێشەکی چاوپێکەوتنەکە لە لاپەرە ٤٤ لە مانشێتەکە وشەی (شاروچکەی کۆیە) تان بەکارهێناوە. ئێمە لەگەڵ ڕوونکردنەوەکە نوسراوی ژمارە ١٠٨٦/ لە بەرواری ٢٠١١/٧/١٨ قائیمقامیەتان بۆ دەنێرین سەبارەت بە ناوهێنانی شاری (کۆیە) بە (شارۆچکە) کە لە هەر دەزگایەکی ڕاگەیاندن شاری کۆیە بە شارۆچکە ناوببات ئەبێت داوای لێبوردن بکات لەبەر ئەوەی :-

١- کۆیە سەدان ساڵە بەشار ناوی هاتووە .

٢- وشەی شارۆچکە کە بە عەرەبی بە ( بلدة) دێت بۆ ناحیە بەکاردێت .

٣- هەموو کات قەزاکانی عیراق وەك ( فەلوجە، کوفە،سامەرا) هەر بەشار ناوی هاتووە، کۆیەش کۆنترین قەزای عێراقە.

٤- هیچ یاسایەك نییە قەزا بە شاروچکە ناوببات .

بۆیە داواکارین داوای لێبوردن بکەن کە هەڵە بوون

تێبینی: هەندێ جار لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئەو کارە ڕووی داوە و ئێمە ئاگادارمان کردونەتەوە و داوای لێبوردنیان کردووە .

**چاپوک عومەر مستەفا**
**قائیمقامی کۆیە**



# ڕوونکردنەوەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی کۆیەوە

**هەر لەهەمان ئەو ڕاپۆرتەی لەسەر کارو پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی شاری کۆیە بڵاومان کردەوە، تێیدا هاووڵاتیان ئاماژەیان بە کەموکورتی لە بواری خزمەتگوزارییەکانی کەرتی تەندروستی کردبوو، بەڵام پێش بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتەکە لە گولان بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی کۆیە هەندێك لەو کەموکورتیانەیان چارەسەر کردبوو، کە دەست خۆشییان لێ دەکەین، لێرەشدا ڕوونکردنەوەکەیان بۆ بڵاودەکەینەوە.**

**گولان**

بابەتێك کە لە ژمارە(٩٠٩)ی ڕۆژی ٢٠١٢/١٢/٢٤ گۆڤاری گولان بڵاوکراوەتەوە کە تێیدا باس لە کەموکوڕی خزمەتگوزارییەکانی قەزاکە دەکات و یەکێك لە تەوەرەکانی باس لە کەموکوڕی و کەرتی تەندروستی کردووەو یەکێك لە بڕگەکانی ئاماژە بەوە کراوە کە (نەخۆشخانەی کۆیە ئامێرەکانی تەندروستی بۆ دابین نەکراوەو پزیشکی پسپۆڕیشی کەمە)، بۆیە بەپێویستمانزانی بە شێوەیەکی کورت باس لەو نەخۆشخانەو کارو چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی کۆیە لە سنوورەکەدا بکەین.

سەرەتادا نەخۆشخانەی ١٠٠ قەرەوێڵەیی هاموون لە سەنتەری قەزای کۆیە هەموو ئامێرەکانی بۆ دابینکراوە، تەنیا کێشەی ڕێگای هەیە، کە تاوەکو ئێستا ئەو ڕێگایە قیرتاو نەکراوە و لە ساڵی ئایندەش دەکرێتەوە، لە ڕووی پزیشکی پسپۆڕیشەوە ئێستا زۆرترین پزیشکی پسپۆڕمان هەیە کە پیشتر نەمان بوو، بۆ نموونە ٧ پزیشکی نەشتەرگەری گشتی و ٥ پزیشکی هەناوو ٥ پزیشکی قوڕگ و لوت و یەك پزیشکی میزەڕۆ و یەك پزیشکی ئێسك و شکان و ٢ پزیشکی ئافرەتان و منداڵبوون و یەك پزیشکی چاوو ٣ پزیشکی سڕکردن و ٣ پزیشکی منداڵانمان هەیە، لەم ساڵیشدا ئەم شوێن و بنکەو مەڵبەندانەی تەندروستی لە سنوورەکەمان کراونەتەوە کە ماوەی (٢٤) کاتژمێر لە کارکردندان و شوێنەکانیش ئەمانەن (مەڵبەندی تەندروستی سکتان، مەڵبەندی تەندروستی سێگردتکان، مەڵبەندی تەندروستی شەهید کاوە، بنکەی تەندروستی ئیلنجاغ، مەڵبەندی تەندروستی شەهید عەبدوڵا خرابەیی). هەروەها هەوڵیش دەدەین هەموو کاتێك لە پێناو تەندروستی باشترو خزمەتکردنی هاووڵاتیاندا بەشەو و ڕۆژ زانست و تەکنەلۆژیای تەندروستی پێشکەوتوو هاوچەرخ پێشکەش بکەین و بەشێك لەو ئەرك و خزمەتگوزاریانەی کە لە ماوەی ساڵی ٢٠١٢ لە نەخۆشخانەی گشتی شەهید دکتۆر خالید لەشاری کۆیە پێشکەش کراوە ئەمانەن:

ژمارەی سەردانی نەخۆش (١٨١٠٢٩) و ژمارەی داخڵبوونی نەخۆش (٩١٣٢)و ژمارەی نەشتەرگەری گشتی بۆ (١٣٣٤) نەخۆش و ژمارەی گرتنی تیشك بۆ (١٥٠٢٥) نەخۆش و ژمارەی گرتنی سۆنار بۆ (٤٠٩٦) هاووڵاتی و ژمارەی شیکاری تاقیگە (١٣٩٢٥٨) و MRI (٣٢٤٥) و ژمارەی گرتنی CT.scan بۆ (١٩٦٨) کەسە.

سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە بۆ (گوڵان):

# جینۆساید و وێرانکردنی کوردستان شوێنەوارەکانی لەسەر ژینگە هەرماوە

## چاودێری لەسەر نەخۆشخانەکان چڕ تر دەکەینەوە و لە کەموکوڕیەکانیان چاوپۆشی ناکەین



سەمەد محەمەد سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە؛ لەم راپۆرتەی گوڵان دا ئاماژە بەو ئەرکە قورسە دەکات کە دەستەکەیان پێویستە رووبەرووی ببنەوە، سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە دەڵێت: هەرێمی کوردستان لە دوو قۆناغدا رووبەڕووی هەڕەشەو پیسبوون ژینگە بۆتەوە، هاوکات گەرییێتوو هەڵسوکەوتی زانستیانە بەرامبەر (پاشماوەی زبڵ و خاشاك - ئاوەڕۆی قورس- پاشماوەی نەخۆشخانەکان- پاشماوەی پاڵاوتگە بچووکەکانی نەوت- ناوچە پیشەسازییەکان و کارگەکان) نەکرێت، ئەوا کاریگەرییەکی زۆر خراپی لەسەر ژینگە دەبێت و شوێنەواری خراپی لێدەکەوێتەوە.

### جینۆسایدکردنی خاك و سروشت و دەرهاویشتەکانی

سەرەتا سەبارەت بەئامانجی سەرەکی دەستەکە سەرۆکی پاراستن و چاککردنی ژینگە وتی: بەو پێیەی پرسی ژینگە بابەتێکی نێودەوڵەتییە؛ هەربۆیە پاراستنی ژینگەی کوردستان ئامانجی سەرەکی دەستەکەیەو، ڕێگا لەهەموو پێشێلکاریی و شوێنەوارێکی خراپ دەگرین گەر لەسەر ژینگەی کوردستان هەبێت و بگرە کاریگەریشی لەسەر ژینگە کەم دەکەینەوە، چونکە زۆر جار ئەو کارو پرۆژانەی کە وەزارەتەکان یا دامودەزگاو کۆمپانیاکان ئەنجامی دەدەن شوێنەواری خراپی بۆ سەر ژینگە لێدەکەوێتەوە، بۆیە ئەرکی ئێمە زۆر قورسە. چونکە پێشتر ژینگەی کوردستان لە دوو قۆناغدا ڕووبەڕووی هەڕەشەو پیسبوون بۆتەوە، قۆناغی یەکەم بۆ سیاسەتی جینۆساید و وێرانکردنی خاك و وێرانکردنی کوردستان دەگەڕێتەوە کە لەلایەن ڕژێمی پێشووی بەعس هەرێمی کوردستان ڕووبەرووی بۆوە، ئەمەش کاریگەری زۆر خراپی لەسەر ژینگەی کوردستان هەبووە، خاپوورو ڕووخاندنی گوندەکان و پڕکردنەوەو پیسکردنی کانیاو سەرچاوەکانی کوردستان لەلایەن حکومەتی عیراقەوە کە ئەمەش هۆکارێکی دیکەی لەسەر تێکدانی ڕاستەوخۆی ژیانی هاووڵاتیان و پیسبوونی ژینگەی کوردستان، کیمیاباران و جینۆسایدی سەر میللەتی کورد جگە لەوەی کاریگەری لەسەر پیسبوونی ژینگەکە هەبووە تا چەندین ساڵی دیکەش لەو شوێنانەی ئەنجامدراوە کاریگەرییەکەیان لەسەر خاك و خەڵکەکەو ئاو و هەوا هەر دەمێنێت. قۆناغی دووەمی پیسبوونی ژینگەکەمان بۆ دوای ساڵی ١٩٩١ دەگەڕێتەوە کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ شارو شارۆچکەکانی هەرێم گەشەکردن و ئاوەدانییەکی زۆری بەخۆوە بینیوە و لە ئەنجامدا بەرفرەوانیەکی زۆر لە شارو شارۆچکەکان هاتەدی و باڵەخانەو خانووی گەورەو بەرز دروستکران و ژمارەی دانیشتوان و ئۆتۆمبێل زۆر زیادی کرد، ئەمەش پێویستی بە بەرنامەو پلانێکی زانستی هەیە کە لەگەڵ پاشماوەکان بکرێت و لەپاشان هەنگاوی پراکتیکی بۆ پاککردنەوەی خاك و ئاوەکانی ناوچەو شوێنەکان بنرێت، بێگومان لەو ناوچەو سنوورانەی کیمیاباران و ئەنفال و جینۆسایدی لێ کراوە جگە لە مرۆڤەکان ئەوە زیندەوەرو گیانەوەرەکانیش لەناوچوون یا کەم بوونەتەوە و کاریگەری ڕاستەوخۆشی لەسەر لەناوبردنی دارودرەخت و سەوزای دروستکردووە. بۆیە لەبەر ئەم هەموو کار و هۆکارە نارەوایانە ژینگەی کوردستان تووشی پیسبوونێکی زۆر هاتووە و سیستەمی ژینگەی کوردستان شێوێندراوەو پێشێلی زۆر بەرانبەر کراوە.

### زبڵ و خاشاك و پیسبوونی ژینگە

سەبارەت بەکۆکردنەوەو هەڵگرتنەوەی زبڵوخاشاك سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە وتی: یەکێك لە گرفتە ژینگەیەکانی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان هەبوونی ئەو هەموو پاشماوەو زبڵوخاشاکەیە کە ڕۆژانە لە ناو ماڵ و کۆڵان و گەڕەکەکان کۆدەکرێتەوە و ڕێژەکەش لە هەموو شارو شارۆچکەکانی هەرێم زۆرە و بەشێوەیەکی زۆر ناتەندروست و نازانستی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێت بەتایبەتی لەسیستەمی لەناوبردن و خۆرزگارکردن لەم زبڵوخاشاکەی کە دەسوتێنرێت ئەوە ڕاستەوخۆ ژینگە پیس دەکات و لەکاتی ژێر خۆڵ کردنیش خاکەکەی تێك و پیس دەکات و لەکاتی باران بارینیش ئەو زبڵوخاشاکەی ژێر خۆڵ کراوە هەرچی مادە و کانزای خراپ هەیە دەچێتە ژێر زەوی و ئاوی ژێر زەویش پیس دەکات، ئەمەش مەتری زۆری بۆ سەر ژیانی خەڵکەکە هەیە، بۆیە ئەو سیستەمەی لە خۆ ڕزگارکردنی پاشماوەو زبڵوخاشاك لە هەرێمی کوردستان پەیڕەو دەکرێت ناتەندروستەو شێوەو هەڵسوکەوتێکی ناشارستانییە.

**سیستەمی خۆ ڕزگارکردن لە پاشماوەو زبڵوخاشاک ناتەندروستەو ناشارستانییە**

### نەبوونی ئاوەڕۆی قورس

سەبارەت بە نەبوونی ئاوەڕۆی قورس سەرۆکی دەستەی ژینگەی هەرێم وتی: نەبوونی ئاوەڕۆی قورس یەکێکە لە کێشە گەورەکان کە کاریگەری یەکجار زۆرو خراپیان لەسەر پیسبوونی ژینگە هەیە، بەداخەوە ئاوەڕۆی پێویست و ئاوەڕۆی قوڕس لە شارەکانی هەرێم نییە، بەتایبەتی لە شارێکی وەکو هەولێر کە پایتەختی هەرێمی کوردستانە، لە هەمان کاتدا ئەو گۆمە ئاوانەی لە ناو گەڕەکەکان بۆ ماوەیەك دەمێنێتەوە دەبێتە هۆی پیسبوونی ژینگە، هەروەها هەندێ لەو ئاوەڕۆیانەی لە هەرێم دروست کراون کۆنن یا بە ستانداردی جیهانی و کەرەستەی تەواو دروست نەکراون، بۆیە ئاوی ئاوەڕۆکە بەتایبەتی ئەگەر ئاوی قوڕس بۆ سەر ئاوەڕۆکە چوبێتەوە لەناو ئاوەڕۆکەدا دزە دەکات و دەچێت بەناو ناخی زەوی و ئاوی ژێر زەوی پیس دەکات و بۆی هەیە لە هەندێ شوێن تێکەڵ بە تۆڕی دابەشکردنی ئاوی خواردنەوە ببێت، کە لەو کاتەدا ئەمە دەبێتە هۆکاری تووشبوون و بڵاوبوونەوەی چەندین نەخۆشی کوشندە، لەلایەکی ترەوە ئەو ئاوی ئەو ئاوەڕۆیانە بۆی هەیە پاشماوەی کارگەو نەخۆشخانەکان کە زۆر پیسن بڕژێتە ناوی و لە کۆتایدا ئاوەڕۆکان دەڕژێتە ناو دەریاچە یا ڕووبارێك جگە لەوەی خەڵکی نزیك لە کۆتایی ئاوەڕۆکان شینایی دەکەن و بە ئاوی ئاوەڕۆکان ئاوی دەدەن، هەروەها ئەو دەریاچەو ڕووبارانە زۆربەیان سەرچاوەی پڕۆژەی ئاویخواردنەوەی خەڵکە کە لێرەدا مەترسیەکی زۆری لەسەر ژیان و تەندروستی هاووڵاتیان دروست دەکات، هاوکات بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەوە بکەم لە ئەنجامدانی هەندێ کارو پڕۆژە بۆ پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان زۆر دواکەوتووین، چونکە ئەمڕۆکە داهاتی تاکە کەس و خێزان باشبووە و نەخۆشخانەو پزیشك و پشکنین و داودەرمانی باش لە کوردستان هەیە، گەرچی دەبینین بەرزبوونەوەی نەخۆشییە کوشندەکان لە لای خۆمان زۆرە، ئەمەش بەشی زۆری بۆ پیس بوونی ژینگە دەگەڕێتەوە.

**نەبوونی ئاوەڕۆی قورس و پاڵاوتگەکان سەرچاوەکانی ئاویخواردنەوەی پیس کردووەو بوونەتە هۆکاری کەوتنەوەی نەخۆشی کوشندە**

### پاشماوەی نەخۆشخانەکان

سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لەبارەی پاشماوەی نەخۆشخانەکانەوە پێی وابوو نەخۆشخانەکان زۆر پاشماوەی خراپیان هەیە، بەڵام هەندێکیان زۆر مەترسیدارن لەسەر تەندروستی مرۆڤ و پیسبوونی ژینگە بەتایبەتی ئەو پارچە بڕاوانەی کە لە جەستەی نەخۆش دەکرێتەوە و ئەو



**بۆ کۆنترۆڵکردن و زیاتر بەدواداچوون و چارەسەرکردنی گرفتی نەخۆشخانەکان چەندین دانیشتن و گفتوگۆمان لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی ئەنجام داوە**

**هەڵسوکەوت و کاری خراپ لەسەر ناوچە گەشتیارەکان زیانی زۆری بۆ پیسبوونی ژینگەو کەم بوونەوەی ڕێژەی گەشتیاران هەیە**

خوێنەی لێی دەڕوات و لەگەڵ بەشـێك لەو پاشماوەنەی کە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆش بەکاردەهێنن، ئەمانە کاریگەری و مەترسی زۆریان لەسەر پیسبوونی ژینگە و تەندروستی خەڵك هەیــە، هەر بۆیە ئێمە بەبەردەوامی بەدواداچوون و چاودێری نەخۆشــخانەکان دەکەیــن و هەندێك لە نەخۆشــخانەکانمان ئاگادارکردۆتــەوە لەبــارەی خراپــی و جێبەجــێ نەکردنی ڕێنمایی پێویست و تەندروستەکان و نەخۆشخانە هەیە سزای دارایی دراوە و ماوەو مۆڵەتمان بۆ ئەو نەخۆشــخانانە داناوە کە پاشــماوەکانی نەخۆش و نەخۆشخانەکانیان بە شێوەیەکی تەندروســت و زانستی هاوچەرخ چارەســەر بکەن نەك وەکو ئەوەی ئێســتا پیادەی دەکەن و چاودێری تیمەکانمان لەسەر نەخۆشــخانەکان چڕ تر دەکەینەوە و لە کەموکوڕیەکانیان بە هیچ جۆرێك چاوپۆشی ناکەین، لەلایەکی دیکەوە وا هەست دەکەین ئەو وڵاتە بۆتە قوربانیەك لەبەر دەم بەشێك لەو کۆمپانیا بازرگانیانەی کە تەنیا و تەنیــا ئامانجیان پارە پەیداکردنە، نابێت کارو ئاوەدانی و بازرگانیکردن و گەشــەکردنی وڵات لەسەر حیســابی ژینگەکەمان بێت، ئێمە بۆ کۆنترۆڵکردن و زیاتر بەدواداچوون و چارەسەرکردنی گرفتی نەخۆشخانەکان چەندین دانیشتن و گفتوگۆمان لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی ئەنجام داوە و لە هەوڵی ئەوەشداین لەگەڵ سەندیکای پزیشکان و دەرمانسازان و کارمەندانی تەندروستی کوردستان دابنیشین و گفتوگۆ لەســەر کەموکوڕی و گرفتی نەخۆشــخانەکان لەبارەی پاشماوەکان و پیسبوونی ژینگە ئەنجام بدەین.

### سەیران و گەشتوگوزار و پیسبوونی ژینگە

هەروەها سەرۆکی دەستەی ژینگە لەبارەی کاریگەری سەیران و گەشتوگوزار لەسەر پیسبوونی ژینگە ئاماژەی بەوەکرد کە ژینگەو گەشت و گوزار تەواکاری یەکترن، بەڵام لە کاتێکدا پاراســتنی ژینگە لەبەرچاو نەگیرا ئەوە ڕێژەی گەشتیاران کــەم دەبێتەوە بــۆ نموونە کــە خۆمان لەبەهــاران و کاتی ســەیران دەبینین کە هاووڵاتیان دەچن بۆ شــوێنە گەشتیارو سەیرانگەکان پابەندی ڕێنمایی پاکوخاوێنی نابن و پاشماوە و زبڵەکانیان هەر لە شوێنی خۆیان بەجێدەهێڵن، ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکانی پیســبوونی ژینگە، هەڵســوکەوت و کاری خراپ لەسەر ناوچە گەشتیارەکان بە پلەیەك زیانی زۆری بۆ پیســبوونی ژینگەو کەم بوونەوەی ڕێژەی گەشتیاران هەیە. هاوکات هەندێ لە پڕۆژەکانی گەشتیاری کە بەناوی گازینۆ و ئۆتێل و ڕێگاوبان دروســت دەکرێت لە هەقیقەدا بەشێك لە شوێنە سروشتییە جوانەکانی ئێمە وێران دەکات هەر بۆ نموونە سەردانی هاوینەهەواری بێخاڵ بکەن دەبینن چەند زێدەڕۆیی لەسەر ئەم شوێنە گەشتیارە جوانە هەیە.

### ژینگەی شارو گوندەکان

سەبارەت بە فراوانی سنووری شارەوانی شارەکان و زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبیل لە هەرێمی کورســتان سەرۆکی دەستەی پاراســتن و چاککردنی ژینگە وتی: ژمارەی دانیشــتوانی شارەکانی کوردستان و ئۆتۆمبێل و بینایەکان زۆر زیادیکردووە و سنووری شارەوانییەکانیش بەرفرەوانییەکی بەرچاویان بەخۆوە بینیوە ئەمەش کاریگەری راســتەوخۆیان لەســەر پیسبوونی ژینگە هەیە، لەلایەکی دیکە بەرفرەوانی شــارەکان وایکردووە زۆربەی کارگەو ناوچەی پیشەســازی شارەکانی کوردستان بکەونە ناو ســنووری شارەوانییەکان و گەڕەکەکان، ئەمانەش کاریگەری یەکجار خراپیان لەسەر پیسبوونی ژینگەی شارەکان و ژینگەی گشتی کوردستان هەیە، بۆیە زۆر بە پەلە دەبێت کارگەو ناوچەی پیشەسازییەکان لە شارەکان دوور بخرێنەوە دەبێت رەچاوی دیزاین و بەرفرەوانی و پانتایی ســەوزی زۆر و باش بکرێتەوە، هاوکات بۆ هەموو شــارەکانی کوردستان لە دەرەوەی سنووری شــارەوانییەوە پێویستە بە پانتاییەکی زۆر



**ناوچە پیشەسازییەکان کاریگەری یەکجار خراپیان لەسەر پیسبوونی ژینگەی شارەکان و کوردستان هەیە**

**ئەو پاڵاوگە بچوکانەی نەوت کە لە سنووری هەرێم هەیە هەندێکیان بەبێ مۆڵەت دانراون و کاریگەری خراپیان لەسەر پیسبوونی ژینگەکەمان هەیە**

پشتینەی سەوز دروست بکرێت، بەپێویستی دەزانم ئاماژە بەو کارو هەنگاوەی وەزارەتی شارەوانی و پارێزگای هەولێر بکەم کە لەم چەند هەفتەی رابردوو ماستەرپلانی پشتێنەی سەوزی پایتەختی کوردستانیان راگەیاند و بەتەواوبوونی ئەم پڕۆژەیە هەولێری پایتەخت ژینگەیەکی زۆر لەباری بۆ دەستەبەر دەبێت و ئومێد دەخوازم بۆ هەمان پڕۆژە لە هەموو شارەکانی دیکەی کوردستان، هاوکات پێویستە شێوازی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان بگۆڕدرێت ئەویش بەمجۆرە بێت کە هەر چەند گوندێك ئەوانەی نزیك یەکترن لە یەك شوێنی گونجاو بەشێوەیەکی هاوچەرخ خانوو و باڵەخانەو بازاڕ و کارو پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانیان بۆ دروست بکرێت.

**پاڵاوتگە بچوکەکانی نەوت**

سەبارەت بە پاڵاوتگە بچوکەکانی نەوتیش سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە وتی: ئەو پاڵاوگە بچوکانەی نەوت کە لە سنووری هەرێم هەیە هەندێکیان بەبێ مۆڵەت دانراون و کاریگەری خراپیان لەسەر پیسبوونی ژینگەکەمان هەیە و زۆر چاودێرین لەسەریان و بەدواداچوونیش بۆیان چڕتر دەکەینەوە و تا ئێستاش لەو جۆرە کۆمپانیانەوە زیاتر لە ٢٠ کۆمپانیا سزایی دارایان بۆ نووسراوە، بەڵام ئەو کۆمپانیانە نەهاتوون سزا دارایەکانیان بدەن و لێرەدا داواکارین ئەو سزایانە بدەن دەنا ئێمە داوای دادگایان لەسەر تۆمار دەکەین. هەروەها ئەو کۆمپانیانەی کە هاوردەی ئۆتۆمبێل دەکەن پێویستە ئەو ئۆتۆمبێلانە هاوردە بکەن کە دۆستی ژینگەیە، خاوەن ئۆتۆمبێلەکانیش فلتەرو ئامێر لەسەر دوکەڵکێشی ئۆتۆمبێلەکانیان ببەستن

**پاراستن و چاککردنی ژینگە تەنیا ئەرکی دەستەی ژینگە و حکومەت نییە**

لەکۆتاییدا سەبارەت بەو بەرنامەو پلان و پێشنیارو چارەسەرانەی بۆ پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان هەیانە؛ سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە وتی: پاراستن و چاککردنی ژینگە تەنیا ئەرکی دەستەی ژینگە و حکومەت نییە، بەڵکو ئەرکی هەموو تاکێکی کۆمەڵگاو رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و راگەیاندنەکانە، بۆ ئەوەی پرسی ژینگە بکەینە پرسێکی گرنگ لەگەڵ ئەو رێکخراو لایەنانەی ئاماژەمان پێکرد کار دەکەین بۆ ئەوەی ئاستی هۆشیاری خەڵکیش لەبەرانبەر پاراستنی ژینگە بەرز بکەینەوە، هاوکات ئێمە بەردەوام کارو بەدواداچوون و چاودێری لەسەر ئەو لایەن و بوارو هۆکارانە دەکەینەوە کە پەیوەندیان بە ژینگەوە هەیە هەماهەنگی و هاوکاریشین لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی دارستان و وەزارەتی شارەوانی و پارێزگاکان و بەڕێوەبەرایەتی باخچەو پارکەکان و پۆلیسی دارستان و لەگەڵ فەرماندەی پێشمەرگەی پاراستنی ژینگە، هاوکات کار لەسەر ئەوە دەکەین کۆمەڵێك ناوچەی پاراستنی سروشتی لە هەرێم دروست بکەین، هەروەها بەپێی ئەو یاساو رێنمایانە کە لەلایەن بەڕێزان سەرۆکایەتی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان کارو گفتوگۆ و پەسند کراوە کار دەکەین و بەکارکردنی هەموو ئەو لایەن و هەماهەنگی و هاوکاری هەموو لایەکمان لە پێناو پاراستن و چاککرتنی ژینگەی کوردستانە، کارکردن لە پرسی ژینگەدا بودجەو توانای بەرزی دەوێت کە جێی داخە ئەو بودجەیەی کەلەلایەن حکومەتەوە بۆ ئێمە تەرخان دەکرێت زۆر کەمە و بەشی یەك لەسەر پێنجی ئیش و کارەکانی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە ناکەت، لەکاتێکدا چەند لە بواری پاراستنی ژینگە پارە خەرج بکەین ئەوەندە لە بوارەو لایەنەکانی دیکەی خزمەتگوزاری بۆمان دەگەڕێتەوە.